

نەجات حەمید ئەحمەد

# پێشینەیی لە نێوانی زمان و مانا و دەقدا

زمان

مانا

دەق

**لە لێکۆڵینەوە نوێیەکاندا بەتایبەتی لە تیۆرە رەخنەیی و بنیاتگەرەکاندا هەموو مانایەک بۆ زمان دەگەڕێنرێتەوە**

لەو باوەڕەوەی ئەوە زمانە لە پشتەوەی دروستبوونی هەموو دەقێکەوەیە و هەر زمانیشە بنیاتی هەموو ماناکانی دەقێک هەڵدەگرێ کە لەوێشدا شێوەکانی زمان و نووسینەوەی دەق دەبنە گەوهەری هەموو دەقێک بەڕادەیەک کە ماناکانیش هیچ بایەخێکیان نامێنێ و ئەوە تەنیا شێوە بەتاڵەکانی نووسین کە باڵ بەسەر هەموو مانایەکدا دەگرن. بۆ زیاتر بەدواداچوونی پێشینەیی و گرینگی بنیاتەکانی زمان و مانا پێویستیمان بەوەیە سەرەتا بەدووی ئەو گەردوونە والآیەی بیرکردنەوەدا بگەڕێین کە هێشتا مانا ناچێتە قاڵبی هیچ بنیاتێکەوە یاخۆ نەچووەتە ژێر سیستەمی هیچ بنیاتێکی ماناوە و تەنیا لە نێو هزرو بیرکردنەوەدا ماناکان بوونیان هەیە و هێشتا نەخراونەتە سەر کاغەز... هەروەکو چۆن پێویستیمان بەڕوونکردنەوەی سیستەمی

بنیاتەکانە پێوەست بە هەموو جۆرەکانی دەربڕین لێکردنەوە هەروەها پێوەست بەسیستەمی ماناکانی دەقێکەوە. ئەم لێکۆڵینەوە فیکری- زمانەوانییە گەڕانە بەدوای پێشینەیەکی مانا و زمان کە هێشتا هیچ شتێک نەبووەتە بنیات و نەبووەتە دەقیش بەڵکو تەنیا لە شێوە سەرەتاییەکەی خۆیدایە.

ئەگەر باوەڕ بەوە بێنین زمان بەرهەمێکی کۆمەلایەتییە هەروەک بارت باسی لێوە دەکات و ماناکانی هەموو دەقەکان بۆ سیستەمی ئاماژە دەگەڕێنێتەوە کە پێوەستن بەدەلالەتەوە. ئەوا دەکەوینە گەردوونێکەوە کە زمان دەسەلاتێکی پێشینەی نەک بەسەر ماناوە هەیە بەڵکو بەسەر خودی مرۆڤ و بوونیشیەوە هەیە و تا ئەو رادەیەی کە مانا دەگاتە بەرگی دەربڕین لێکردنێکی واوە کە تەنیا شێوەکانن بەسەر هەموو بوونەکانی زمان و مانادا زاڵ دەبن. ئەم بۆچوونانە پێویستیان بەڕوونکردنەوەی زۆر و شیکردنەوەی زۆر هەیە کە بەدواداچوونەکان نەک تەنیا لە گەردوونی زمان و مرۆڤدا قەتیس نامێنن بەڵکو دەچنە بوارێکی فیکریشەوە هەرچەندە ئەو بوارە فیکرییە لە زۆر لاوە زیان بەلێکۆڵینەوەیەک دەگەیەنێ کە ئامانج و کەرەستەکانی هەر تەنیا زمانن لەگەڵ ئەوەشدا گەڕان بەدوای پێشینەیی "زمان. بنیات. مانا" لە زۆر رووەوە رێگەیەکمان دەدەنێ کە بچینە گەردوونی فیکرەوە نەک بەسیفەتی لایەندارێتی فیکری و تیۆریی ئایدۆلۆژی بەڵکو بەسیفەتە زمانەوانییەکەی چونکە ئەوە زمانە کە لە گەوهەریدا بەهایەکی فیکریش هەڵدەگرێ و ئەو بیرەی کە زمان تەنیا دەسەلاتە کە بەسەر هەموو بوونەکانی دەق و نووسین و بیرکردنەوەدا زاڵە بیرێکە زیاتر بەجۆرێک لە جۆرەکانی فانتازیایەکی سیحری دەچێت. بۆیە ئێمە باوەڕمان بەپێشینەیی و پاشینەیی هەیە لە نێوان زمان و مانادا کە دەری دەخەین زمان تەنیا ئەو سیستەمە نووسراو ونمایشکراوەی سەرجەمی دەقەکان نییە بەڵکو زمان بەجۆرێک لە جۆرەکان داهێنراوێکی بیرکردنەوە و فانتازیای مرۆڤ و کەڵەکەبوونی پێشینەیەکی کولتووری و مێژوویی بیرکردنەوەی مرۆڤ ئەمەش وا دەخوازێ بکەوینە دووی ئەو هێزەی بەمانابوونەوە چونکە هەر هێز و دەسەلاتی بەمانابوونە کە زمان و هەموو مانا بەرجەستەییەکانی هەموو دەقێک ئاشکرا دەکا و لە بنەڕەتیشەوە دروستیان دەکات و شێوە گۆڕیشیان دەکا نەک ئەوە زمان بێ وەکو پێشینەیەکی هەموو مانایەک بێ و شەرعیەتێکی بەسیستەم کراو بەمانا ببەخشێت. لێرەوە دێینە سەر خاڵە گەوهەرییەکانی بەبنیاتبوون و بەزمانبوونی مانا لە بیرکردنەوەدا کردارێک لە نووسینی بێ زمان و بەرجەستە نەکراو.....

١- جۆرەکانی بنیاتەکانی زمان وەکو هێزی پێشینەیی و پاشینەیی.

بیرکردنەوە ڕۆژمێرێکی تۆمارکردنی نییە بەڵکو ناواخن و گەوهەرێکی بێ یادەوری و بێ سیستەمە کە هەموو مرۆڤ و بوون دەخاتە پرسیارەوە و زمانیش لەگەڵ خۆیدا دەخاتە ئاستێک لە کرداری سیستەم دارەوە. بوونی پێشینەیی زمان بوونێکی نابنیات دارە بەڵام لە هەمان کاتدا زمانە و تەنیاش هەر زمانە نەک شتێکی دیکە کە لە زمانی پێشینەیی خۆی دەکەوێ ئەوسا دەبێتە زمانێک کە زۆر جیاوازە لە زمانە پێشینەییەکەی خۆی و هەردوو زمانیش بنیات و شێوە هەڵدەگرن بەڵام بەئاستی جیاواز. ئەگەر زمان کەرەستەیەک و شێوازێکی داهێنراوی مرۆڤ بێت بۆ بەیەک گەیشتن و ناردنی پەیام بۆ یەکتری و ڕێگەیەکیش بێت بۆ دەربڕین لە خۆکردن کە لە دوای هەموو بیرکردنەوەکاندا دەبێتە ئەو سیستەمەی کە پێی دەڵێن زمان و چەند بنیاتێک لە خۆی هەڵدەگرێ ئەوا دەبێ باوەڕ بەوەش بێنین کە زمان وەسفێکە یاخۆ پێناسێکە بۆ کردارێک کە ڕەگ و سەرچاوەکەی لەسەر فیکر دامەزراوە و هەر بیرکردنەوەش ئەم دەورەی بەزمان و ئامانجەکەی بەخشیوە. بەم مانایەش زمان پێشینەیەکی فیکریی لە بوونی بیرکردنەوەدا هەیە و پارچە بەردێکی بوون نییە کە هەر لە سەرەتاوە بوونی هەبووبێت جیاوازیی زمان لە جوگرافیا جیاوازەکاندا بەڵگەیەکن بۆ چۆنیەتی دروستبوونی خودی زمان و پێشینەکەی کە جیاوازی لە بیرکردنەوە و داوودەستووری کۆمەڵایەتی و جوگرافی و مێژوویی و هاوسنووریی نێوان گەلان شێوەیەک لە شێوەکانی زمانیان بەو گەلانە بەخشیوە کە وەکو گریمانێک ئەگەر لەو سنوورە جوگرافیاییەدا گەلێک لە گەلان نەژیانایە زمانەکەیان بەو شێوەیە نەدەبوو.. ئەمەش مانای ئەوەیە کە

**زمان پێشینەیەکی فیکریی لە بوونی بیرکردنەوەدا هەیە و پارچە بەردێکی بوون نییە کە هەر لە سەرەتاوە بوونی هەبووبێت**

**سەرچاوەی دروستبوونی زمانی هەموو دەقەکان لە ماناوە دەست پێ دەکات و ماناش لە بیرکردنەوەدا بوونێکی پێشینەیی هەیە دەرئەنجام نییە بەڵکو بناغە و سەرەتایە لە دەبڕین لە خۆکردندا**

زمان سیفەتێکی پاشینەیی هەیە و لە ژێر کۆنترۆڵ و گوشاری بیرکردنەوە و فیکردا بەو شێوازە دروست بووە. کەواتە زمانێکی دیکە هەیە کە مرۆڤ بۆ لێک گەیشتن بەکاری ناهێنێت بەڵکو بۆ ئامادەکارییەک لە مانا و چۆنیەتیی بەزمانبووندا هەروەها بۆ لە خۆگەیشتن و دەربڕین لە خۆکردنی ناخەکییانەی خودی مرۆڤی بیرکەرەوە کە لەوێدا مرۆڤ لە نێو مانا رەها و بەرەڵلاکانی بوونی خۆی و پێوەندییەکانی بەشتەکان و بەبوون و بەکۆمەڵگە و مرۆڤەکانەوە وای لێ دەکەن بیر بکاتەوە لە چۆنیەتیی دەربڕین لە خۆکردن تەنانەت لە ئاستە ناخەکییەکەشیدا. هەموو دەقێک پێشینەیەکی زمانەوانیی هەیە واتە زمانێکی دیکەی هەبووە بەڵام ئەوە مرۆڤە کە دێت و لە پێناوی گەیاندنی ئەو زمانەی کە تازە کەوتووەتە سەر دۆزینەوەی بنیاتەکە دەیەوێ بۆ ئەوانی دییان بگوازێتەوە چونکە زمانی دەربڕین لێکردن مادامەکی وەزیفەی گەیاندنە کەواتە دەبێ بچێتە ژێر باڵی سیستەمی گشت و دەستەجەمعەوە و لە سیفەتی تاکبوونی زمان دەکەوێ.. ئەمە هەروەکو دوو بوونی جیاواز وایە کە هەردووکیان زمانی پێشینە و زمانی پاشینە. دەگەڕێنەوە سەر مانا بنیات رەهاکانی بوون کە لەوێدا کەس ناتوانێ مۆڵکداریی مانا بکات و مانا دەبێتە مۆڵکی ئەو کەسەی کە دەیدۆزێتەوە و دەیخاتە دوو توێی تایبەتمەندێتی زمانی خۆیەوە. بۆ روونکردنەوەی ئەم بۆچوونانە پێویستیمان بەچۆنیەتی دروستبوونی دەقێک هەیە. نووسەر لە نووسیندا دەیەوێ پەیامێکی جوانکاری یا شێوەیی یا جوانکاری لە مانا و شێوەکان بخاتە بەردەست. ئەو چوونەوە سەرەی مانا بۆ دروستبوونی ئەو دەقە لە زمانی پاشینەدا بوونی نییە چونکە بەشێواز و بنیاتی دیکەی زمان دەربڕینیان لێ کراوە ئەوە تەنیا ئەوە و خۆیەتی کە بەو شێوازە دەقەکەی دەنووسێتەوە و دەیەوێ شتێک ئاراستەی وەرگر بکات جیاواز بێت لە هەموو شێوە زمانەوانییەکانی مانای پێش خۆی ئەمەش ناچاری دەکات بەدووی شێوازەکانی دیکەی دەربڕین لێکردندا بگەڕێت شێوازێک کە ئەوە هەر زمانە ئەو هێزەی پێ دەبەخشێت نەک شتێکی دیکە هەر بۆیە پرسیار لە دروستبوونی دەق بەو شێوازە بنیاتانەی نووسینەوە ناچارمان دەکەن بیر لە سەرەتایێتی و پێشینەی بیرە لە قاڵبدراوەکان و بنیاتە لە چوارچێوە گیراوەکان بکەینەوە بەو مانایەی ئەم هێزی دەربڕین لە خۆکردنانە سەرچاوەکەیان لە کوێوەیە؟؟ سەرچاوەی دروستبوونی زمانی هەموو دەقەکان لە ماناوە دەست پێ دەکات و ماناش لە بیرکردنەوەدا بوونێکی پێشینەیی هەیە دەرئەنجام نییە بەڵکو بناغە و سەرەتایە لە دەبڕین لە خۆکردندا. نووسەر زمانێک هەیە تەواو هۆگر و گرفتاریەتی جۆرێک لە چوارچێوەگرتنی تێدایە چونکە زمان هەروەک وتمان هەموو فاکتەرە

خودی و کۆمەڵایەتییەکان وەکو هێزی کۆنترۆڵکردن زاڵن بەسەر شێوازەکانی دەربڕین لێکردندا بەڵام ئازادییەکانی زمان لەوێدایە کە دەتوانێ شێوازەکانی دەربڕین لە خۆکردنی بگۆڕێت نەک کەرەستە سەرەتاییەکانی. لە نووسینێکی رابوردوومـاندا باسمان لە نووسینی یەکەم و نووسینی دووەم کردووە و لێرەشدا بەشێوازێکی دیکە روونی دەکەینەوە. نووسەر کاتێک بیر دەکاتەوە ئەو هەمیشە بەدووی مانایەکی سەرەکی و کاریگەر و مانابەخشدا دەگەڕێت کە دەشێ لێرەدا بڵێین ئەوە چۆنیەتیی کاریگەرکردنی زمانە کەوا لە هەر نووسەرێک دەکات شێوەیەک لە شێوەکانی دەربڕین لە خۆکردن هەڵبژێرێت و شێوەیەکی دیکە هەڵنەبژێرێت ئنجا ئەو گرفتارییەی نووسەر لە مانادا دەشێ بۆ ماوەیەک وا لە نووسەر بکات تەنیا و تەنیا لە گەڵ بیرکردنەوەدا بژێ نەک لە گەڵ زماندا چونکە ئەوە بیرکردنەوەیە کە وا لە نووسەر دەکات گرینگییەک بەمانا و بەخودی بیرکردنەوە و زمانیش بدات بەو ئاستەی کە نووسەر هەموو قاڵبێکی حازری زمان رەت دەکاتەوە و بەدووی قاڵبی تازەدا دەگەڕێت بۆ دەربڕین لێکردنێکی تری زمانەوانی کە زۆر جیاوازە لەو زمانەی کە لە سەرەتادا بیری لێ دەکردەوە. ئەو زمانەی کە لەم کردارەی بەبنیاتکردنی مانایەدا تێپەڕ دەبێت کردارێکە کە تیایدا نووسەر بەهۆی زمانێکی نا شێوەییدا بیر لە ماناکان دەکاتەوە و بەدووی گـواستنەوەیەکدا دەگەڕێت کە بەهۆیەوە بتوانێت بیکاتە پەیامێک یا ئاراستەکردنێک بۆ ئەوانی دی. کاتێک نووسەر دەق دەنووسێت ئەوە بۆ ئەوەیەتی پێوەست لەگەڵ ئەوانی دیدا دروست بکات و هەر ئەمەش ناچاری دەکات بچێتەوە سەر سیستەمی دەربڕین لێکردنی گشتییانەی زمان کە ئەویش زمانی دووەمی دەقە واتە پێش بەدەقبوون زمانێکی تایبەتی دەربڕین لێ نەکراو و سەرەتایی هەیە کە بەسە بۆ ئەوەی نووسەر لە خۆی و لەوانی دیش بگات هەر بەهۆی ئەو زمانە نا ئامـاژەدارەوە. واتە نووسەر پێش نووسینەوە زمانێکی تری هەیە بۆ لە خۆ گەیشتن و گەیشتن لەوانی دی و لە شتەکانی دەوروبەری بەڵام ئەو کاتە دەستبەرداری ئەو زمانە دەبێت کە دەیەوێت لە تایبەتمەندێتی و لە خۆگیری ماناکاندا خۆی دەرباز کات بۆیە نووسەر زمانێکی پێش نووسینەوەی هەیە کە کامڵە لە سیستەم کامڵە لە مانا و بنیات چونکە هەرئەوە کە پێش ئەوەی ئەو زمانە داهێنێ ماناکان لە بووندا رەها بوون و بێ بنیات و بێ زمان بوون کە دەرئەنجامی بوونی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگە و پێوەستەکانی بەوانی دییەوە هەروەها دەرئەنجامی بیرکردنەوەی لە بوونی ئەو لە نێو جوگرافیا جیاوازەکانی زەوی و گەردوون هەروەها دەرئەنجامی بارە دەروونی و عەقڵییەکەی خۆی لە لایدا هەبوون و دروست بوون بەبێ ئەوەی بەرگی هیچ بنیات و هیچ

بوونێک له خۆ بگرن واته نووسـینەوەی یەکەم بەبنیات کردنه له دەرەوەی زمانی باوی نووسین بەڵکو له دەرەوەی هەر بنیاتێکی زمانەوانیی بەمێژوو کراو چونکه ئەو بنیاته ئازادانه بێ مێژوون بێ بنیات و رابوردوون بێ رابوردوون و رەهان هەر کەسێک که بیر دەکاتەوە بۆی هەیە بیاندۆزێتەوە و تەنیا بیرتیژ و بیرمەندەکان ماناکان زووتر لەوانی دی دەدۆزنەوە و سەرەتا له بیرکردنەوەی خۆیاندا دەیخەنه چوارچێوەیەک له تێگەیشتنەوە بەمەبەستی ئامادەکردنی بۆ نووسینەوەی دووەم که بوونه مێژووی زمان و بیرکردنەوە و بنیاته. بۆ نموونه نووسینەوەی دەق نووسینەوەیەکه له چوارچێوەی مێژوودا چونکه وەزیفەی خۆیان له نێوان نووسەر و ماناداا تەواو دەکەن هەربۆیه نووسەر کاتێک دەنووسێت دەیەوێ هەموو ئەو بنیاتانه بەبیرکردنەوەی ببەخشێت کە نەیتوانی بەشێوازە ویستراوەکەی بیاننووسێتەوە واته ئەو شێوازە زمانەی گەر ئەو نەبێ لەگەڵ ئەوانی دیدا لێک دادەپچڕێ و یەک ناگرێتەوە..

بەخشینی بنیاتی زمان بەمانا رەهاکان کردارێکی قورسه له بیرکردنەوەی مرۆڤدا چونکه جیاوازە تەنانەت نەک لەگەڵ ئاخاوتندا بەڵکو جیاوازە له گەڵ خودی بیرکردنەوەی خۆشیدا چونکه کاتێک نووسەر له دەقی یەکەم واته له زمانی ئەو دەقه پێشینەییەی کە تەنیا له بوونی خۆی و زەینی خۆیدا نووسیویەتیەوە. ئەوا له پێناوی گەیاندنی بەوانی دی بەشێوازێکی زۆر قورسی شێوە گۆڕیی مانا و بنیاتەکانی زمان هەڵدەستێ کە زۆر جار نیگەرانیی نووسەر لەوێوەیه کە ئەو بەو شێوەیه دەقێکی له ناوەوەی خۆیدا دروست کرد وەکو ئەوە نەبوو که کەوتە سەر کاغەز. ئەمە فانتازیای نووسینه له نێوانی زمانی نووسراو و نەنووسراودا........

له نێوانی زیندوێتی زمان و مردنی زماندا

له نێوانی نامێژوویی زمان و بەمێژووکردنیدا

له نێوانی رەهایی و کۆنترۆڵکردنی بنیاتەکانی زماندا

له کۆتاییدا له نێوانی دەقی راگەیەندراو و دەقی رانەگەیەندراودا.

BAWAGORGOR@YAHOO.COM